فاتحه ! تەسخیرە شاری دڵ بە تابوری ئەلەم
موددەتێکی زۆرە پایتەختە لە بۆ خاقانی غەم
حەزرەتی نالی

ئەی بەرزترین لوتکە ،هۆ ڕیش سپیە مرۆڤ پەرستەکە ،هەر ئێستا ڕۆحە یاخیەکەت دڵەخوێناویە پڕ ئازارەکەت، چاوی حەبیبەوکەلاوەی بابان وستەمی قاجارو
هەستکردنت بەزامی قووڵ و ئێشی دەروونت ، تابلۆیەکی مەرگەساتەو
بە بۆیەی ئەزەل و تاڵ تاڵ بەنەکی دڵم لە ئەشکەوتە تاریکەکەی ڕۆحمدا هەڵم واسیوە .
سەدجار سەرم دای لە بەرد ، ئەگەر بڵێم ئازاری من پڕ ئێشترە
هەنسکم لە هەنسکت بە کوڵ ترە ، بەلاٚم هەرهیچ نەبێ ئێستا لە ئازارەکانتا ئەژیم، ئەزانم خونچەی ئازارم دەمی حەبیبەکەت نییە ، بەلاٚم
تابوری ئەلەم دڵ و دەروونی ئەم شارەی گیانی دیلکردوم خۆرەی عەدەم
کنە لە بازنەی ڕۆحم دەکاو خەم لە سەر عەرشی خاقانی چین تاجی مەرگی منی لە سەر ناوەو شمشێری داگیرکردنی گیان و جەستەمی (ڕۆستەم ئاسا ) لێ هەڵکێشاوە وا خەریکە بوونم پوچ دەکاتەوە .
دەسا دەستم بەدامانت، ئەی باوکە بێ کوڕەکە ڕازی بە ئەگەر جورئەتم کردو ووتم با ببمە کوڕی خەمەکانت لێم زویر مەبە ، بڵێم
دڵی منیش بوە بە پایتەختی خەمە ئەزەلیکان وزەیان لە بەر بڕیوم لە گیانالای مردنێکی هیواش و لەسەر خۆدام

کۆژان
هۆڵندا – ئارنهێم